# ڕوونکردنەوەی پێویست سەبارەت
# بە هەندێك لە بیدعە و داهێنراوەکانی
# ( مانگی ڕەجەب )

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا من يهده الله فلا مضل لــه ومــن يضلل فلا هادي له وأشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

أما بعد : زانراوە لای هەموو موسلمانانی بەڕێز کە هەموو کردەوەیەک ئەبێ دوو مەرجی تێدا بەدی بهێنرێت ، بۆ ئەوەی لە لایەن خـوای پەروەردگـارەوە وەربگیرێت و لە دواڕۆژیشدا پاداشتی لەسەر بداتەوە .

مەرجی یەکەم : ئەبێ کردەوەکە تەنها بۆ ڕەزامەندی خوای پەروەردگار ئەنجام بدرێت وهیچ هاوەڵێکی تێدا بۆ بڕیار نەدرێت ،خوای پەروەردگار فەرمویەتی : ﴿ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاء وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُــوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ ﴾ ( سورة البينة : ٥ ) .

واتە : تەنها فەرمانی ئەوەیان پێکراوە بەتاک وتەنهای خوا بپەرستن ودینداریێتیان تەنها هەر بۆ ئەو بێت ... هتد .

مەرجی دووەم : کردەوەکە بەپێ ی فەرمانی شەریعەتی ئیسلام پیرۆز بێت ، واتە : بەپێی قورئانی پیرۆزو فەرمودە ( صحيح ) ەکانی پێغەمبەر بێ ﷺ کە فەرموویەتی : (( من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهــو رد )) ( رواه البخــاري ومسلم ) ، وە لە ڕیوایەتی ( مسلم ) دا : (( من عمل عملاً ليس عليه امرنا فهو رد )) .

ئـەم دوو مەرجەیـە دەبـێ لـە هـەموو کردەوەیەکمانـدا هـەبێ ، چـونکە ئەگـەر وانـەبێ کردەوەکـە بـە ڕوومانـدا دەدرێتەوە و خەسارۆمەندی دونیا و دواڕۆژیش دەبین خوا پەنامان بدات .

برای موسڵمان ، بەندەی خواناس : لە گەڵ ئەم دوو مەرجەدا دەبێ ئەوە بزانین کـە هـەر وەکـو زانایانی ( الأصول ) فەرموویانە : ( الأصل في العبــادات الــبطلان ) ، واتـە : بنچینە لـە پەرستشەکاندا پوچەڵیە ، بـە واتایـەکی تـر : ئەگـەر موسڵمانێک کردەوەیـەک ئـەنجام بـدات ئێمـە بـە پوچـەڵی دەزانین تـاکو بەڵگـەیـەکمان بـۆ ئـەهێنێ لە قورئانی پیرۆز یان سوننەتی ( صحيح ) ی پێغەمبەرەوە ﷺ .

لـە ژێـر تیشکی ئـەم پێشەکیە ئەمـەوێ بڵێم : موسـڵمانان بـەهۆی بڵاوبونـەوەی نـەزانین و دوور کەوتنـەوە لـە دوو سەرچاوەکەی ئیسلام ، ئەو سەرچاوانەی کە پێغمبەری ئازیزمـان ﷺ دەربارەی فەرموویەتی : (( يا أيها الناسُ إني تركــتُ فيكم ما إن اعتصمتم به فلن تضلوا أبداً : كتاب الله وسنتي )) ( أخرجه الحاكم و البيهقي وقال الحلبي : هذا إسناد حسن ) .

وە تێگەیشتن لێیان بەپێی ئـارەزووی کەسانێکی نـەزان ودوور کەوتنـەوە لـــە تێگەشتنی پێشینە پیاو چاکەکانی ئەم ئوممەتە ( السلف الصالح ) .

بیدعەیەکی زۆر بڵاو بووەتەوە بە ناو خەڵکانی دڵسۆز و ئیسلام وویستدا ،بێ ئـەوەی بـەئاگابن لە ئاکام و ئـەنجامی کردەوەکانیان ، بۆیە بەپێویستم زانی ئەم نوسراوە بخەمە بەر دەستی موسڵمانانی یـەک خواپەرست ، و تێیدا هەنـدێک لەو کردەوە بیدعانەبخەمە ڕوو بۆ ئەوەی خـوا پەرستیەکـانمان لەسـەر چاوڕۆشنی و بینای بن ، و دوور کـەوینەوە لـە هـەموو کردارێکی تـازە و بیـدعە کـە وای لـە موسڵمانـان کـردووە سوننەتەکانی پێغەمبـەر ﷺ پشـت گـوێ بخـەن بـە هۆیەوە و زۆریان لێ گومڕا بێت ، چونکە هەروەکو لەپێشدا ئاماژەمان پێ کرد پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : (يا أيهــا الناس إني تركت فيكم ... ) .

ئەو بیدعـانەش کـە بـە تەمـام بـە پشتیوانی خـوای پەروەردگـار دەربارەیـان بدوێم هـەموو تـایبەتن بـە مـانگی ( ڕەجب ) ی پیرۆز کـە یەکێکە لەو چوار مانگەی کـە خوای پەروەردگـار بـە ( الأشهر الحـرم ) ناوی بردوون هەر وەکـو لـە ئایەتی (٣٦) ی سورەتی تەوبەدا هاتووە : ﴿ إِنَّ عِدَّةَ الشُّهُورِ عِندَ اللَّهِ اثْنَا عَشَرَ شَهْرًا فِي كِتَابِ اللَّهِ يَوْمَ خَلَـقَ الـسَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ مِنْهَا أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ فَلاَ تَظْلِمُواْ فِيهِنَّ أَنفُـسَكُمْ ﴾ ، ئاشکراشە کە پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە بیدعە و بیدعەکاران فەرموویەتی : ( من عمل عمـلاً ليس عليه أمرنا ، فهو رد ) ( مسلم ) .

## ووتەی زانایان سەبارەت بەو فەرموودانە
## کە دەربارەی ڕۆژوو و نوێژ هاتوون لـە مانگی ( ڕەجەب ) :

پێشەوا ( ابن تيمية ) ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێ ـ فەرموویەتی : (( وأمـا صوم رجب بخصوصه ، فأحاديث كلها ضعيفة ، بل موضوعة ، لا يعتمد أهل العلم على شيءٍ منها ، و ليست من الضعيف الذي يروى في الفضائل ، بـل عامتها من الموضوعات المكذوبة )) ( مجموع الفتاوى : ٢٥ / ٢٩٠ – ٢٩١ ) .

واتە : بەڵام سەبارەت بە تایبەت کردنی ڕۆژوو بە مانگی ڕەجەب ، ئەوا هەموو ئەو فەرموودانەی کە لەو بارەیوە هاتوون ( ضعيف ) ن ـ واتـە : لاوازن ـ یان بەڵکو بگرە ( موضـوع ) یشن ـ واتـە : نراونەتـە دەم پێغەمبەری خواوە ﷺ ـ زانایان متمانە ناکەنە سەر هیچێکیان ، لەو فەرمودە ( ضـعيف ) انەش نین کە لە چاکەکاریەکاندا باس کرابن ( واتە : فضائل الأعمال ) ، بەڵکو زۆرینەی لەو فەرموودە هەڵبەستراوانەیە کە نراونەتە دەم پێغەمبەرەوە ﷺ ، فـەرموودەی درۆن .

وە فەرموویەتی : (( عامة الأحاديث المأثورة فيه ـــ أي : رجب ـــ عن النبي ﷺ كلها كـذب )) ( اقتـضاء الـصراط المستقيم : ٣٠٠ ) .

واتە : زۆرینەی ئەو فەرموودانەی کە لەو بارەیەوە ـ واتـە : مـانگی ڕەجەب ـ کـە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ هـاتوون هەموویان درۆن .

وە پێشەوا ( الساجي ) لەم بارەیەوە فەرموویەتی : (( كـان الإمام عبدالله الأنصاري شيخ خراسان لا يصوم رجب ، وينهى عن ذلـك ، ويقول : ما صحَّ في فضل رجب ، ولا في صيامه عن رسول الله ﷺ وقد رويت كـراهة صومه عن جماعة من الصحابة منهم : أبو بكر و عمر رضي الله عنهما )) ( الباحث على إنكار الحوادث ، لأبي شامة المقدسي : ٧١ ) .

واتە : پێشەوا عبدالله ئەنصاری شیخی خوراسان مانگی ڕەجەب بە ڕۆژوو نەبوو ، وە قەدەغەشی دەکرد لـە یەکێک کە لەم مانگەدا بە ڕۆژوو بێت ، وە دەیفەرموو : هیچ فەرموودەیەک نەسەلمێنراوە و جێگیر نەبووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ سەبارەت بە چاکەی مانگی ڕەجەب ،وە نەش سەبارەت بە چاکەی ڕۆژووگرتنەکەی ، بەڵکو بە پێچەوانەوە بگرە زۆر ڕیوایـەتمان پێگەیـشتووە لـە زۆر لـە هاوەڵانیـەوە کـە سـەبارەت بـەوەی کـە ڕۆژوو گرتنەکـەی بـاش نـەبێت ، لەوانـەش پێشەواکان ئەبو بەکر ، عومەر رضي الله عنهما .

وەپێشەوا ( الحافظ بـن حجر ) فەرموویەتی : (( لم يرد في فضـل شهر رجب ، ولا في صيامه ، وفي صيام شيء معين ، ولا في صيام ليلة مخصوصة فيه حديث صحيح يصـلح للحجة ، وقد سبقني في الجزم بذلك الإمام أبو إسماعيل الهروي الحافظ )) ( تبيين العجب بما ورد في فضل رجب : ٢١ ) .

واتە : هیچ فەرموودەیەکمان پینەگەشتووە لـە پێغەمبەری خـواوە ﷺ سـەبارەت بـە چاکـەی مـانگی ڕەجەب ،وە نـەش سەبارەت بە چاکەی ڕۆژووگرتنەکەی ، نەش سەبارەت بە بەشێکی دیاری کراوی ، وە نەش سەبارەت بە ڕۆژووی ڕۆژێکی

تایبەت لەو مانگەدا ، فەرموودەیەکی ( صحيح ) هاتووە کە بشێت کە بکرێت بە بەڵگە ، وە کەسەش کە پێشم کەوتبێت لەم ووتەدا پێشەوا ( الحافظ أبو إسماعيل الهروي ) ە .

برای خواناس : لەو وتانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرائەبێ کە :

* هیچ فەرموودەیەک سەبارەت بە تایبەت کردنی ڕۆژوو بەم مانگە ،یان بە ئەنجام دانی نوێژێکی تایبەت بە شەوانی ئەم مانگە نەهاتووە ، بەڵکوو هەموو ئەو فەرموودانەی لەم بارەیەوە هاتوون هەمووی دانراو ( موضوع ) ، و لاوازن ( ضعيف ) .

* هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ و زانایانی ئیسلام ڕۆژووی ئەم مانگەیان نەگرتووە ، بەڵکو بگرە قەدەغەشیان کردووە لە سەر موسڵمانان کەتێیدا بەڕۆژوو بن .

برای بڕوادارم : ئەگەر وابێ پێویستە من وتۆی بەڕێزیش هیچ کاتێک هەوڵی ئەوە نەدەین کردارێک تایبەت بکەین بەم مانگەوە ،چونکە لەوە دڵنیابە کە ئەگەر ئەو کارە کارێکی ڕەواو ڕاست بوایە ئەوا هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ پێشمان ئەکەوتن و زانایانی پایە بەرزی ئەهلی سوننەت و جەماعەت ئەوەیان بە باشترین شێوە بۆ ئاشکرا ئەکردین بۆیە ئامان نەکەی هەوڵی لادان بدەی لە سونەتەکانی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی ، و شوێنی ڕێچکە و ڕێباز و ئارەزووی ئارەزووپەرستان بکەوێ ،خوای پەروەردگار فەرموویەتی ﴿ وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا ﴾ ( سورة النساء : ١١٥ ) .

## ڕۆژوو گرتنی ( ٢٧ ) ی ڕەجەب و فەرموودەی ( شهر بن حوشب ) :

یەکێک لەو بیدعانەی کە لە مانگی ڕەجەب دا بڵاوە ، گرتنی ( ٢٧ ) ی ئەم مانگەیە بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ( شهر بن حوشب ) دەیگێڕێتەوە کە تێیدا دەڵێ: (( من صام السابع والعشرين من رجب كتب الله له صيام ستين شهراً ، وهو أول يوم نزل جبريل على محمد ﷺ الرسالة )) .

بەڵام پێشەوای فەرموودەناس ( أبو خطاب عمر بن حسن بن دحية ) فەرموویەتی : (( هذا الحديث لا يصح )) ( أداء ما وجب من بيان وضع الواضعين في رجب ـــ بتحقيق الألباني : ٥٥ ) .

هەروەها ( الحافظ ابن حجر ) فەرموویەتی : (( وهذا موقوف ضعيف الإسناد )) ( هەمان سەرچاوە : پەراوێز (١) : ٥٠ ـ ٥١ ) .

کەواتە برای موسڵمان ئەم کردارە کردارێکی بێ بنەوا و بێ بەڵگەیە و نابێ موسڵمانان بە هیچ شێوەیەک ئەنجامی بدەن

## یادی ڕوداوی ( الإسراو والمعراج ) وڕاستی ڕوودانی لەم مانگەدا :

پێشەوای فەرموودەناس ( أبو الخطاب ) سەبارەت بە کاتی ڕودانی ( الإسراء و المعراج ) فەرموویەتی : (( وذكر بعض القصاص أن الإسراء كان في رجب !! وذلك عند أهل التعديل والتجريح عين الكذب )) ( أداء ما وجب : ٥٣ ـــ ٥٤ ) .

واتە : هەندێک لە چیرۆک گێڕەوەکان وا دەگێڕنەوە کە ڕووداوی ( الإسراء ) لە مانگی ڕەجەبدا بووە !! بەڵام ئەم ووتەیە لە لای فەرموودەناسانەوە کە باش و خراپی فەرموودە دەست نیشان دەکەن ووتەیەکی درۆیە .

شێخی ( الألباني ) ش دەربارەی ئەو وتانەی کە سەبارەت بەکاتی ڕوودانی ( الإسراء والمعراج ) وتراون فەرموویەتی : ( وليس فيها قول مسند إلى خبر صحابي يطمئن له البال ) (أداء ما وجب : پەراوێزی (١) : ٥٤ ) .

ئەوەش لە پێشەوا ( النووی ) ی گێڕڕاوەتەوە کە سێ ووتەی جیاواز هەیە لەم بارەیەوە ، وە لە کتێبی ( الفتاوى : ١٥ ) دا بڕیاری لەسەر ئەوە داوە کە لە شەوی ( ٢٧ ) ی مانگی ( ربيع الأول ) ە ، نەک لە ( رجب ) دا پێشەوا ( أبو إسحاق الحربي ) یش هەمان بڕیاری داوە ( أداء ما وجب : ٥٤ ) .

لێرەدا پێویستە هەموو موسوڵمانێکی گوێڕایەڵ بۆ زانایانی ئیسلام دوای بیستنی ووتەی ئەو زانایانەی سەرەوە ئەوە بڵێن کە شێخی ( الألباني ) فەرمویەتی : (( ومن ذلك يُعلم أن الاحتفال بليلة الإسراء في رجب إنما هو معتمد على الكـــذب ، بشهادة هذيـــن الحافظين الجلين ـــ ابن حجر وابن دحية ـــ فلا يغتر أحد بما أشتهر في العصور المتأخر أنه كان في السابع والعشرين من رجب )) ( أداء ما وجب : پەراوێزی (١) : (٥٣) ) .

واتە : وە لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی (الإسراو) لە مانگی ڕەجەبدا متمانە کراوەتە سەر ووتەی درۆ ، بە گەواهی دانی ئەم دوو کەڵە زانایە . ابن حجر و ابن دحية . بۆیە نابێت موسڵمان چەواشە بێت بەوەی کە لە سەردەمەکانی دواییدا بڵاو بووەتەوە ، کە دەڵێن گوایا لە بیست ە حەوتی مانگی ڕەجەب بووە !!!

کەواتە سەرەڕای ئەوەی کە یادی ( الإسراء والمعـــراج ) یادێکی بیدعەیە و نابێ ئەنجام بدرێ ، ئەبینین کات و مێژووی ڕوودانەکەشی دیاری نەکراوە ، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی کە سەلەف وپیاو چاکانی ئێمە ئاهەنگ و یادی ئەم ڕۆژەیان نەکردووەتەوە ، چونکە ئەگەر بکرایە لە سەردەمێک لە سەردەمەکاندا ، ئەوا بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا پێمان ئەگەشت و ئەم هەموو چەند و چوونەشی لەسەر نەدەکرا .

## لە کۆتایدا :

برای موسوڵمان لە کۆتای ئەم باسە ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە کە تایبەت کردنی ئەم مانگە بە هەر پەرستش و کردارێک : نوێژ بێ یان ڕۆژوو ، لە سەرەتای مانگ بێ یان لە ناوەڕاست و کۆتای ، هەمووی بێ بنەوا و پوچەڵە بە پێی وتەو گەواهی کەڵە زانایانی ئیسلام ، وە لە دوا ڕۆژیشدا هەموو ئەو کردەوە بێ بنەوایانە بە ڕووی خاوەنەکانیاندا دەدرێتەوە ، بەپێی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی : " من عمل عملاً ليس عليه أمرنا فهو رد " ( مسلم ) .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

١٤ / جماد الثانية / ١٤٢٢ هـ

نووسینی : مامۆستا عدنان بارام

www.ba8.org